# جاش نووسەرەکانی رژێمی سەدام، بورهان هەژار وەك نموونە

**بەشی یەکەم**



**دووشەممە** 10.1.2011

**دەرسیم دیبەگەیی**
**Darsim2006@hotmail.com**

نازانم ئەو وتەیە هی کێیە یان هی چ نەتەوەیەکە، بەڵام زۆرجار بیستوومە کە دەڵێن: (چەک و پێنووس هەمان کاریگەرییان هەیە). بە بۆچوونی بەندەش ئەوەی کە سەربازێک، ئەفسەرێک، سیخوڕێک، خۆفرۆشێک، جاشێک یان سەرۆک جاشێکی جاشە سووکەکان لە قادسیە دۆڕاوەکەی سەدام و شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالدا کردوویەتی، جاش نووسەرێک، جاش رۆشنبیرێک یان جاش مەلایەکی کورد هەمان شتی کردووە بە پێنووسەکەی یان سەکۆی ووتاردانی مزگەوتەکانیان، کە هەردوو لایان هەم پارێزگارییان لە رژێمی دکتاتۆری و رەگەزپەرستی سەدام و بەعس کردووە، هەم بوونەتە داینەمۆی تەمەن درێژی ئەو حزب و حکومەتە شۆڤینی و دژ بە کورد و کوردستانە. بۆیە ئەوەندەی پێویستە سەرکۆنەی ئەو سەرۆک جاشە ئەنفالچیانە (کە پێموایە هەر هەموو سەرۆک جاشەکان ئەنفالچی نین) بکرێت، ئەوەندەش سەرکۆنەی جاش نووسەرەکان و جاش مەلاکانی قادسیەی سەدام بکرێت، کە سەدامی دیکتاتۆر خۆی نازناوی فەیلەقی هەشتی لە راگەیاندن نابوو. ئەوەی کە پێی دەڵێن سوپای ئێراق حەوت فەیلەق بوو، بەڵام سەدام لەبەر کاریگەری پۆزەتیڤی راگەیاندن لە سەر شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران و خزمەتی زۆری ئەوان بۆ رژێمەکەی بەعس، بۆیە راگەیاندنی بە فەیلەقی هەشتەم ناودەبرد. هیچ جیاوازییەک نابینم لە نێوان جاشێک یان جاش نووسەرێک و جاش مەلایەک کە گشتیان لە لایەک لە خزمەتی داگیرکەران و دوژمندا بووینە واتە بەکرێگیراو و خۆفرۆش بووینە، لە لایەکی تریشەوە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان (باشووری کوردستان) کاریان کردووە.

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، کێشەی تایبەتیم لەگەڵ هیچ کەسێک لە سەرۆک جاشەکان، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان، جاش نووسەر و جاش مەلاکان نەبووە و نییە، ئەوەی کە تاوەکو ئێستاکە نووسیومن و لە داهاتووشدا دەینووسم بەپێی بەڵگەکانە. هەر کەسێکیش پێیوایە کە بەندە سووکایەتی پێدەکات و ناوی دەزڕێنێت لە رێگای ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان کە بەشداری ئەوان دەردەخات لە شاڵاوی ئەنفالەکان، شەهیدکردنی هاووڵاتی و پێشمەرگە، بە زیندانیکردن و لە سێدارەدانی قارەمانانی رێکخستن، یان هەڵبەست و ووتارە بێماناکانیان و دەستخۆشی کردنیان لە سەدامی دکتاتۆر و بەناو سوپای ئێراق و بەکارهێنانی سەکۆی مزگەوتەکان و پێگەی ئاینییان بۆ خزمەتی سەدام و رژێمەکەی، بەر لە هەموو شتێک ئەو جۆرە کەسانە خۆیان بوونەتە هۆکاری سووککردن و ناوزڕاندنی خۆیان بەکارە شەرم ئامێزەکانیان.

خۆم گلەییم بەتەنیا لەو پیاوانەی رژێم نییە کە کاتی خۆی خزمەتی رژێمی بەعسیان کردووە، بەڵکو گلەییم لەو رۆشنبیر، نووسەر، هەڵبەستوان، رۆژنامەنووس، پیاوانی ئایینی و هەڵگری باوەڕنامە بەرزەکان هەیە کە دەبنە زورناژەنی دەسەڵاتی کوردی و داکۆکی بێمانا لە گەندەڵکارانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، یاخود ژێر بەژێر مووچە، زەوی، خانوو، دەفتەرە دۆلار و دەستکەوتی تایبەتی لە حکومەت یان هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان وەردەگرن و سامانی نەتەوە بە شێوەیەکی ناڕەوا بۆ خۆیان دەبەن.

با ئەو چیرۆکەتان بۆ بگێڕمەوە کە لە کۆتایی مانگی مارسی ساڵی (2010)دا بەسەر خۆم هات لەکاتی سەردانمدا بۆ باشووری کوردستان. لە کۆتایی مانگی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا، دوای تەلەفۆن کردنم بۆ رۆژنامەنووسێک، ئێوارەکەی تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو هات بەشوێنمدا و چووین لە چێشتخانەی ئەستێرە سەر رێگای هەولێر – کەرکوک لە هەولێر نانێکمان بەیەکەوە خوارد. لەکاتی گفتوگۆکردندا پێمگووت: (پێش چەند رۆژێک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتییم بینی، داوایکرد بەر لە گەڕانەوەم بۆ دانیمارک سەردانی بکەمەوە، پێمخۆشە لە سەردانی داهاتوومدا بۆلای ئەو، داوای ئەوەی لێبکەم کە یارمەتیت بدەن بۆئەوەی هەم ماستەرنامە و هەم دکتۆرا بخوێنیت).

ڕۆژنامەنووسەکە گووتی: نا کاکە گیان ئەو داوایە لەو پیاوە و لەوانە مەکە لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی ناشیرین بە کابراو بە حزبەکەشی.
گووتم: کاکە گیان تۆ ناچیت ببیت بە یەکێتیی! خۆت دەزانی ئەوان ئەگەر بۆت بکەن لەبەر خەباتی ڕابردووت و پاکی خۆت و بنەماڵەکەتانە دەیکەن، کە هەم شەهیدیشتان هەیە!
بەر لە ڕۆیشتنمان ڕۆژنامەنووسەکە سوێندی دام بە گۆڕی شەهیدی برام کە ئەو داوایە لای ئەندامی مەکتەبی سیاسییەکە بۆ ئەو نەکەم. سوێندم بۆی خوارد کە واز لەو بیرۆکەیە بێنم لەگەڵ کابرای مەکتەبی سیاسیدا. بەڵام ئەوە وەکو شتێک هەر لە دڵمدا مایەوە. دوای چەند ڕۆژێک کە سەرەتای مانگی ئەپریل بوو بۆ کارێک لەگەڵ برادەرێکم ڕێگامان کەوتە لای بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم. دوای ئەوەی ئەو بەرپرسە باڵایە کارەکەی بۆ کردین، داوایکرد هەر ئیشێکی ترمان هەبێت بەسەر چاوان بۆمانی دەکات. یەکسەر ئیشی ئەو ڕۆژنامەنووسەم بیرکەوتەوە و بەو بەرپرسەم گووت: (فلان کوڕی فلان، کە ڕۆژنامەنووسە. بەڕاستی حەزدەکەم شتێکی بۆ بکەن کە بنەماڵەکەیان قوربانی زۆریان داوە و تێکۆشەرێکی ماندوو نەناس بووە. خۆی سوێندی داوم بە گۆڕی شەهیدی برام کە ئەو داواکارییەی لای ئەو برایەی مەکتەبی سیاسی بۆ نەکەم، ئەگینا خۆم داوام دەکرد. بەڵام تۆ بۆی هەوڵبدە و بەلای کەمەوە یارمەتی بدەن بۆئەوەی ماستەرنامەو دکتۆرا تەواو بکات).
بەرپرسە باڵاکە گووتی: (دەزانی بەزەییم بەحاڵی تودا دێتەوە، بۆ تۆ بۆ خۆت هەوڵ نادەی و بۆ خەڵک هەوڵدەدەی؟ دە باش بزانە ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە تۆ باسی دەکەی بەخوێنی شەهیدی برام هەموو مانگێک مووچەی (ئەندام یان کارگێڕی مەڵبەند) لە خۆم وەردەگرێت، بەڵام پێی خۆش نییە کەس بەوە بزانێت کە بۆ ئێمە ئیش دەکات).
دوای ئەو قسانەی ئەو بەرپرسە باڵایە زۆر هەڵچووم و قسەی زۆرم بە کەسانی پارەپەرست و مرۆڤی بوودەڵە گووت، کاتێک کە بەرپرسە باڵاکە زانی زۆر کاری تێکردم بۆیە پێی گووتم: (کاک دەرسیم، بەڵام ئەو قسەیە (جەست فۆر یوو – واتە تەنیا بۆ تۆ و لای خۆت دەرنەچێت)، کە خۆی پێی خۆش نییە خەڵک بزانێت کار بۆ ئێمە دەکات)!
باوەڕتان هەبێت لەو ڕۆژەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە لای بەندە وەکو سیخوڕێکی سەردەمی ڕژێمی سەدام کە بەنهێنی خزمەتی بەعسی دەکرد لێهاتووە، ئەوەندە بچووک بۆتەوە کە لە ڕێزی سەرۆک جاشە ئەنفالچییەکان، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان، بەکرێگیراوانی بەعس، خۆفرۆشان بە سەدام و مەلایەکی دەستخۆشکاری ئەنفال لە سەدام و بەعس دەیبینم. ئاخر ئەگەر پێیوایە یەکێتیی بوون شەرم نییە، بۆ بە ئاشکرا نابێت بە یەکێتیی، خۆ ئەگەر یەکێتیی بوونیش بە شەرم دەزانێت، بۆ لەپێناوی پارە دەبێت بە یەکێتیی؟ ئایا کارکردن بۆ لایەنێک کە باوەڕت پێی نەبێت و تەنیا لەپێناوی پارە بەنهێنی ببیتە ئەندام، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ جاشێتی و سیخوڕێکی بەعس؟ هەرچەندە ئەندام بوونی کەسانی تر بە ئاشکرا لە هەر پارتێک بە شەرمەزاری نازانم بۆ کەسەکان، بە مەرجێک خۆیان نەدۆڕێنن و هەردەم ڕاسییەکان بڵێن و چاوپۆشی لە کەموکوڕی و گەندەڵییەکانی پارتەکەیان نەکەن!
نیاز وانەبوو بورهان هەژار بکەم بە بەشی یەکەمی زنجیرە ووتارەکەم، بەڵام کاتێک کە بینیم لە دوو بەشی دیمانەکەی کە ڕۆژنامەنووس ڕزگار چوچانی لەگەڵی ئەنجام داوە، ئەویش هەر بەشێوەی سەرۆک جاش و فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکانی ڕژێم کە بەشداری ئەنفالیان کردووە تاوانەکە لەسەر خۆیان لادەدەن، بۆیە ئەوم پێشخست.
بورهان هەژار بەلای بەندەوە قسەکانی ئەوەندە جێگای متمانە نین کە لە هەردوو بەشی دیمانەکەدا کردوونی، چونکە ئەو تەنیا ئاماژە بە چەند کورتە نوسینێکی شلۆق دەکات، کە گوایە دوای دەرچوونی لە زیندان لە ساڵی (1986)دا لە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ بەرژەوەندی ڕژێم بەناوی خۆیەوە نووسیونێتی! ئەوکارەشی گوایە لەپێناوی ئەوە کردووە تا گومان لەسەر خۆی لابدات لای دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم، نەوەک جارێکی تر بیگرنەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەیخەمەڕوو، کە نووسینێکی بورهان هەژارە و لەژێرناوی (کوردستان بێ تۆ حەرامە)، لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (1133)ی ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (7.12.1989)دا بڵاویکردۆتەوە، سنووری ئەو نووسینە شلۆقانە دەبەزێنێ! بۆیە لە خوێنەرانی دەپرسم، ئایا نووسینەکە تەنیا لەپێناوی گومان لادان لەسەرخۆ بووە، یان دەچێتە خانەی بەکرێگیراوێتی و جاشێتی نووسەری ئەو بابەتە؟ بورهان هەژار ئەو ووتارەی لە کۆتایی ساڵی

(1989)دا نووسیووە نەک ساڵی (1986)، کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بەیەک کۆپلە دەدەم و ئەوەی تر خوێنەر دەتوانێت خۆی بیخوێنێتەوە، کە لەو کۆپلەیەدا نووسیوێتی: (کوردستان بە تۆوە شیرینە ئەی بەچکەشێری عێراق .. گەر تۆ نەبی حاڵی کوردستان حەڵوەلایە بە دەست سەگ و گورگەوە. چونکە عەشق و خۆشەویستیت بۆ کوردستان لە دڵە گەورەکەتا، حەشارداوە، حەز دەکەیت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کوردستان ئاوەدان بێت و گەشاوەتر بێت .. خەڵکی بە بەختیاری و کامەرانی زامنتربێ و دەستی چەپەڵی خۆفرۆشانی لێوە دووربێت).

جا توو ویژدانتان ئەو هەموو ستایشەی بورهان هەژار بە خوێن ڕێژێکی وەکو سەدامی دیکتاتۆر و سووکایەتی کردن بە پێشمەرگەو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان و ناوهێنانیان بە سەگ، گورگ و خۆفرۆشان، دەچێتە خانەی گومان لادەن لەسەر خۆ؟ یان ئەوە خزمەتکردن بە دوژمنان و نۆکەرێتییە بۆ سەدام و بەعس؟


کوردستان
بێ تۆ حەرامە

لەگەڵ هەموو سەردان و دیدەنیەکت بۆ کوردستان خۆشەویستیت لە دڵی جەماوەری کوردی بەشەرەفدا زیاتر ئەبی

ئەوەتانی گەورەو بچووک لە بەردەمتا خۆشحاڵی خۆیان دەربەبڕن و زیاتر ئامەزرۆی بینین و قسە پڕ ماناو بە کەڵکەکانتن

هەرچی تۆ بەرەو کوردستان دێیت و بەمانای خەڵکەکەیەوە دێیت شادی و کەیف و بەختیاری لە دڵی گەرم گوڕیاندا ئەچێنی مژدەی خۆشگوزەرانیان بێ ئەبەخشی

کوردستان بەتۆوە شیرینە ئەی بەچکەشێری عێراق .. گەر تۆ نەبی

حاڵی کوردستان حەڵوەلایە بە دەست سەگ و گورگەوە. چونکە عەشق و خۆشەویستیت بۆ کوردستان لەدڵە گەورەکەتا، حەشارداوە. حەز دەکەیت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کوردستان

ئاوەدان بێت و گەشاوەتر بێت. خەڵکی بە بەختیاری و بە هێمنی و

ئاسوودەیی بژین .. ژیان و بەختیاری و کامەرانی زامنتربێ و

دەستی چەپەڵی خۆفرۆشانی لێوە دووربێت.

تۆ خاوەنی پەیامێکی پیرۆزی بۆ عێراق .. بۆ گشت کوردو عەرەب و

کەمایەتیەک .. ئاسوودەیی و ڕابەرێزو تێکۆشان و پێشکەوتنت

مەبەستە. بەبیری ڕووناک و هێزی ڕوانینت ئەبێ ئەم گەلە مەزنەکانی

ناوی عێراقە، مێژوویەکی خاوەن شکۆی هەبێ هەروەک لەبەرەبەیانی

مێژووی شارستانیە کۆنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەبیووە بیست و یەک

ساڵە ئەم گەلە جوامێرەی عێراق فەرزاربارێ تیشکی زێرینی خەبات و

تێکۆشانی بیری ئەپساوەتە.

دوژمنانت ئەفرو تووناکرد ..

خاوەنی دەنگ و ڕەنگی ڕەسەنی خۆمانی .. فێری هەموو شتێکی

ڕاستەقینەت کردین .. بەرەنز کوردستان، کوردستان بوو مەزیر ڕێکێفی بازرگانەکاندا ئەبینالا

ئەوەتانی لەسایەی سەبری شکۆییتا .. کوردستان و هەموو عێراق زیاتر سەربەرزە تێکۆشەر .. گرەوی

جەنگمان بردەوە سەرکەوتن دوای سەرکەوتن .. بیناى نوێ ئەکەینەوە

بڕوا بکە کوردستان بێ تۆ حەرامە

یاخوا بەخێر بێیت ئەی ڕابەری قەرماندەی لەدلا ئازیز، ئەی کوردستان عێراق هەمووی لەسایەی ئاسوودەیی و هەنگاو ئەنێ.

برهان هەژار